# کوردستان ودوبەی

## نورەدین وەیسی

لەدوای راپەرینەوە بەرپرسانی کوردستان بەردەوام ئەزموونە خێڵەکیەکەی خۆیان بەتاکە ئەزموونی دیموکراتی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست زانیوەوهەمیشە هەموو کاروهەنگاوێکی خۆشیان بە تاکە نموونەی باڵای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست نێوبردووە ، بۆنموونە ئەگەر ئاودەستی مزگەوتی کوێرە دێیەکی کوردستانیشیان چاك کردبێتەوە ، ئەوە راگەیاندنی پارتی ویەکێتی وا بەشان وباڵی هەڵداوە کە وەك گەورەترین وباشترین پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان باسکردووە.!

هەنووکە بەرپرسانی کوردستان خەریکی رەواجدان بە دروشم ودەستەواژەیەکی تازەن کەئەویش بە دوبەی کردنی کوردستانە ، جارێ چش لەوەی کە ئایا راستە کوردستان دەبێتە دوبەی یان نا ، بەڵام ئایا دوبەی ئەو نموونە پێشکەوتووەیە کە کوردستان خەونی پێوە ببینێت ؟

راستە ئەوڕۆ دوبەی بووەتە رووگەی سەرمایەگوزارانی بیانی لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا ولەرووی تەلارسازی وباڵاخانەو پارك وبازاڕوجادەوبان وهۆیەکانی هاتووچۆشدا بووەتە سەرنجراکێشترین شوێنی ناوچەکە ،بەڵام بابزانین لەبەرامبەر ئەم پێشکەوتنەدا رەوشی مافەکانی مرۆڤ لەم شێخنشینەدا لە چ ئاستێکدایە؟

یەکێك لە هۆکارەکانی پێشکەوتنی ئابووری میرنشینەکانی یەکگرتووی عەرەبی وبەتایبەتیش دوبەی هەرزانی دەستی کارە کە زۆرینەیان پاکستانی وهیندین وبە خراپترین ودڕندانەترین شێوە دەچەوسێنرێنەوە ، چونکە هەر کە کرێکارە ئاسیاییەکان (بەتایبەتی پاکستانی وهیندییەکان) گەیشتنە ئیمارات،ئیدی بەفرت وفێڵ پاسپۆرتەکانیان لێدەسەنرێت بۆ ئەوەی لە پەلوپۆیان بخەن و هەموو دەروازەیەکی رۆیشتنیان لێبگرن ئینجا دەکەونە کارپێکردنیان بەشێوەیەکی نامرۆییانە کە زۆریان بۆ چەندین مانگ کرێدەستیان نادرێتێ ولەبەردەستبەسەرداگرتنی پاسپۆرتەکانیشیان و نەبوونی بەڵگەنامەی پێویستیش ناتوانن هیچ بکەن ،لەمبارەیەوە دەیانجار ئیمارات لەلایەن رێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤ پرۆتستۆو سەرکۆنە کراوە.

هەروەها ئیمارات وبەتایبەتیش دوبەی ئەمرۆ نێوبانگیکی زۆری لە بازرگانیکردن بە ژنان و لەشفرۆشیدا هەیەو بووەتە وێستگەیەکی گەورەی لەشفرۆشانی روسیا وولاتانی رۆژهەڵاتی ئەوروپا وئەسیوپیا ، چەند مانگێکیش لەمەوبەر لەرووداوێکی سەرنجراکێشدا دەسەڵاتدارانی دوبەی چەند گەنجێکی هاورەگەزبازیان دەستگیرکرد وبەهەموو عەقڵی خۆیانەوە بڕیاریانداکە بە زۆر نەشتەرگەریان بۆ بکات تا ئەو حەزوئارەزووە بێ رەوشتەیان

بکوژێت!ئەوەبوو دوای فشارێکی زۆری ئەمریکاو وڵاتانی ئەوروپا حکومەتی دوبەی ناچاربوو ئازادیان بکات، دیارەبێ مافی ژنانی بەستەزمانی ئەو وڵاتەش وەك زۆربەی وڵاتانی خێڵەکی وولّتە ئیسلامییەکان ئاشکراو رۆشنە .

لە رووی سیاسیشەوە ئیمارات وڵاتێکی خێڵەکییەو کەمترین ئازادی سیاسیشی تێدا نییە، شێخ ومیرەکان وبنەماڵەکانیان دەسەڵاتی رەهایان هەیەو هیچ پارت ورێکخراوو کۆمەڵەیەکی سیاسی رێگەی پێنادرێت،ئیدی ئەمە ئەو دوبەیەیە کە بەرپرسانی کوردستان هیوای بۆ دەخوازن.

نکوڵی ناکرێت لەم یەك دووساڵەی دواییدا چەند پرۆژەیەك لە کوردستان بەگشتی وهەولێر بەتایبەتی کراون، دیارە ئەو کارو پرۆژانە بەبەراورد لەگەڵ ئەو داهاتە زۆرو زەوەندەی کوردستان هەیەتی وبەرپرسەکان بۆ خۆیان لرفی دەکەن شایانی باسکردن نییە ، ئەمە جیا لەوەی زۆربەی ئەو پرۆژانەش لەلایەن کۆمپانیاکانی بەرپرسانی پارتی ویەکێتی دەکرێن یان خۆیان هاوبەشن لەگەڵ ئەو کۆمپانیا بیانیانەی ئێستا لە کوردستان سەرمایەگوزاری دەکەن.

وەلێ سەرەڕای هەموو ئەمانە ئایا هەر تەنیا دروستکردنی پارك وئۆڤەرپاس وهوتێل وباڵاخانەو شاری خەونەکان ناسنامەی پێشکەوتووخوازی بەبەرۆکی کوردستان ودەسەڵاتەکەیەوە دەکەن لەکاتێکدا رۆژانە مافەکانی مرۆڤ زۆر دڕندانە پێشێل دەکرێن وهەفتە نییە چەندین ژن بەپاساوی پرووپووچی شەرەف وناموس پاراستن نەکوژرێن یا لە ئەوپەڕی بێ ئومێدیدا ناچار نەبن ئاگر لە جەستەی خۆیان بەر نەدەن ، ئەوبەناو شاڵاوی ئاوەدانکردنەوەیە چ نرخ وبەهایەکی هەیە لە کاتێکدا رۆژانە یاسا لەژێر پێی دەسەڵاتداران وچەکدارەکانیان بێ ئەندازە بێ رێزی پێدەکرێ ، هەر لەم رۆژانەدا بەرپرسێکی سەربازی یەکێتی لە چوارقوڕنە تەنها لەسەر ئەوەی پۆلیسێکی رێوان کوڕەکەیان دەستگیر کردووە چونکە بێ مۆڵەت ئوتۆمبێلی هاژۆتووە کەچی جەنابی بەرپرس لە تۆڵەی دەستگیرکردنی کوڕەکەی هەلیکوتاوەتە سەر زۆربەی دامودەستگاکانی شارۆچکەکەو تێرشەقی کردوون!، دیارە باسکردنی پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستاندا لە هەژمار نایەن و بۆ هەموو چاودێرانی ویژدان زیندوو ئاشکران.

دەزانم بەشێك لە کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵگەی کوردستان پەیوەندییان بە پاشخانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردییەوە هەیەو چارەسەرکردنیان بەشەوورۆژێك ناکرێت ، بەڵام بەدڵنیاییەوە دەسەڵات دەتوانێ رۆڵێکی زۆر کاریگەر بلەیزێ بەجۆرێك کە رێگە بۆ گۆڕانگاری وپێشڤەچوونی جڤاکی خۆش بکا ، وەلێ بەداخەوە ئەمڕۆ دەسەڵاتی باشووری کوردستان نەك هیچ زەوینەیەك بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دەستەبەر ناکا بەڵکو خۆی رۆڵێکی باڵای لە وەپاشخستنی کۆمەڵگەی کوریدا هەیە ،دەنا لە پازدە ساڵی رابردوودا دەکرا شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی باڵکێش لە کوردستان بەرپا بکرابا تا رۆحی داهێزراوی مرۆڤی کورد لە کەلتووری دەیان ساڵەی داگیرکاری ودابونەریتی پاشکەوتووی کۆمەڵایەتی پاك بکرابوایەوە ، بۆیە ئەو بەناوپێشکەوتن و شاڵاوی

ئاوەدانكردنەوەیەی كەئێستا لە كوردستان میدیای پارتی ویەكێتی پڕوپاگەندەی بۆ دەكەن جگە لە رووكەشێكی ساختەوناوەڕۆك بەتاڵ هیچی دیكە نییە.